https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.14

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# شیکردنەوەی هۆکارەکانی لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق

د. صالح عمر عیسی
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان -
زانکۆی سەلاحەددین
salihomarissa@yahoo.com

د. جلیل عباس نادر
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان -
زانکۆی سەلاحەددین
jalilhawler@gmail.com

**پوختە:**

عێراق ناسنامەی نیشتمانی لاوازی هەیە، چونکە دروستبوونی لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی هاوڵاتییانی نەبووە. بەریتانیا لەبەر بەرژەوەندییەکانی، لە سێ ویلایەتی بەسرا، بەغدا و موسڵ عێراقی دروست کرد بێ ئەوەی گوێ بە ویست و ئارەزووی گەلانی ئەم ویلایەتانە بدات، ڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی و سەرکوت کردنی بۆ دروستکردنی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی لە پێش گرت. ئەو ڕێگایە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ دروستکردنی ناسنامەی نیشتمانی هەر بەردەوامە کە بووەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لەناو گەلانی عێراق. وای لێ کردوون وەکو بێگانە و دوژمن سەیری یەکتر بکەن و لە جیاتی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی ناسنامەکانی شیعە، سوننە و کورد بەو هۆیەوە بەهێز ببێت.

**وشە کلیلییەکان:** ناسنامەی نیشتمانی، عێراق، دەوڵەت- نیشتمانسازی، کێشەی نەتەوەیی- مەزهەبی.

## شیکردنەوەی هۆکارەکانی لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق

### پێشەکی

بابەتی ناسنامە و ئەو پرسانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە، لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بچوکترینیان واتا خانەوادە تاوەکو گەورەترینیان واتا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یا جیهانی باسی لەسەر دەکرێت. کاتێک لە چوارچێوەی وڵاتێکدا چەندین ناسنامەی جیاواز بوونیان هەیە و هەر یەکەیان گرنگی بە ناسنامەی تایبەتیی خۆیان دەدەن و بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە لە ناسنامەکانی دیکە دەجووڵێنەوە، ئەو کات لەو کۆمەڵگایە دەوڵەتێکی سەقامگیر و گشتگیر دروست نابێت و هەموو کاتێک ڕووبەڕووی ململانێی نێوان پێکهاتەکان دەبنەوە هەم لە نێوان خۆیان و هەم لەگەڵ دەوڵەتیش دەبنەوە.

وڵاتی عێراق، قەوارەیەکی جوگرافیاییە، کە پاش دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە ویست و بڕیاری دەوڵەتی بەریتانیا و لە دەرەوەی ویست و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی دروست کرا. دروست نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی و بوونی کەلێنی قووڵ لە نێوان شیعە، سوننە و کورد بە شێوەیەکە کە دەکرێت باس لە سێ نەتەوەی جیاوازی کورد، شیعە و سوننە لەم وڵاتە بکرێت. نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بووتە هۆی ئەوەی، کە تێگەیشتنێکی هاوبەش لە دەوڵەت وەکو شوێنێک بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش دروست نەبێت، بەمەش بەشدارییەکی گشتی و هەمە لایەنە لە چوارچێوەی دەوڵەت ڕوونەدات. فرەچەشنی کۆمەڵایەتی و کلتووری و نەبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی لە عێراق کێشەی پاراستنی یەکگرتویی ناوخۆیی و بەدەستهێنانی مەشروعیەتی سیاسی بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق دروستکردووە. بەکارهێنانی هێزی سەربازی و هەندێک لە ئامرازەکانی تر

بــۆ دروســـتکردنی ناســـنامەیەکی نیشـــتمانی دەســـتکرد لە سیاســـەتە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە بووە.

لە ســـەرەتای دروســـتکردنی ئەم وڵاتە لە دەیەی دووەمــی ســەدەی بیستەم تاوەکو ٢٠٠٣ پێکهاتەی عەرەبی سوننە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بــوو. ســەرەڕای هەمــوو ئەو هەوڵانەی کە لایەنــی ســوننە و بەتــایبەت بەعسـیەکان لە چوارچێوەی فـراوان کردنـی ناسیونالیسمی پانعەرەبی بە مەبەستی ڕاکێشانی لایەنی عەرەبی شیعە و دروستکردنی ناسنامەیەکی زۆریــنەی عەرەبــی ئەنجامیــان دا، بەڵام نەیــانتوانی لایەنــی شــیعە لەگەڵ خۆیان هاوڕا بکەن و لە کۆتاییدا لە گەیشتن بەم ئامانجە شکستیان هێنا. لەبەر ئەمە ئەو ناسنامەی کە لایەنی عەرەبی سوننە بانگەشـەی بۆ دەکرد لە بازنەی خۆیان زیاتر تێپەڕی نەکرد. لەبەر ئەمە حکومەتی ناوەندی لە ناوچەکانی باشـوور و بەتایبەت باکوور (کە پێکەوە ٧٥ بۆ ٨٠ لە سـەدی دانیشـتووانی عێراقیـان پێکـدەهێنا) کەمتـرین مەشـروعیەت و پاڵپشـتییان هەبــوو. لە دەرەنجــامی ئەمە ناســنامەی نەتەوەیــی کــورد و ناســنامەی مەزهەبی شیعە لە نێوان دانیشتوانی کوردستان و باشووری عێراق زیاتر و بەرچاوترە لە چەمکی ناسنامەی نیشتمانی عێراقی.

لە پاش ڕووخـانی ڕژێمی بەعس بـۆ یەکەم جـار لە مێژووی عێراق شیعە و کورد توانییان بەشدارییەکی کارای دەسەڵات بکەن. لەم کاتەدا کە جۆرێـک لە سیسـتەمی دیموکراسـی لەسـەر بنەمـای هەڵبژاردنـی ئـازاد لە عێــراق پەیڕەودەکــرا، نــوخبەی نــوێ هەوڵیانــدا کە پێناســەیەکی نــوێ و خوێندنەوەیەکی دووبارە بۆ ناسنامەی نیشتمانی لەم وڵاتە ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم هەوڵەش نەگەیشتە ئەنجام.

کۆمەڵگایەک کە لە چەندین یەکە ناسنامەی جۆاوجۆر پێکدێت، هەمـوو کاتێــک بڕیــاری نــوخبە سیاســییەکانی بــۆ ڕازیکردنــی ئەو ناســنامەیە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندی پێوە هەیە. لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا هەموو

یا زۆرینەی بڕیارەکان لە بچوک تاوەکو گەورە دەکەونە ژێر کاریگەریی سیاسی. هەروەها جێبەجێکردنی بڕیارەکانیش ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت. لە کۆمەڵگایەک کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی تووشی لێکترازان بووە هەر گروپێک بەها و ناسنامەی تایبەت بە خۆیان لە بەها و ناسنامە و بەرژەوەندیی نیشتمانی پێ باشترە و هەوڵەکانی حکومەتیش بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن، یەکدەست و هاوڕا کردنیان بێئەنجام دەبێت و لە زۆربەی حاڵەتەکان بە ئاراستەی توندوتیژی، جیابوونەوە و دابەشبوون دەڕوات.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی زانستی لە قەیرانی لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق دەکۆڵێتەوە و نیشانیدەدات کە ئەم ناسنامەیە لە ڕێگای توندوتیژی و بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا، لە ناو گەلانی عێراق دروست نابێت. ئامانجی توێژینەوەکە، ئەوەیە کە بە دروستی لە قەیرانەکانی ناوخۆی عێراق تێبگەین و بژاردەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی عێراق بدۆزرێتەوە و هیچی تر هاوڵاتییانی عێراق کورد، شیعە و سوننە نەبنە قوربانی ئەم سیاسەتانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ مانەوەی عێراق پەیڕەودەکرێت.

پرسیاری توێژینەوەکە، ئەوەیە کە چ هۆکارێک کاریگەری لەسەر لاوازیی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی هەبووە؟ ئەو گریمانەیەی کە بۆ ئەم توێژینەوەش دانراوە، ئەوەیە کە بەریتانیا لەبەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی لە سەرەتای دروستکردنی عێراق گرنگیی بە ویست و ئارزووی گەلانی کورد، شیعە و سوننە نەداوە و لە ڕێگای هێزی سەربازی هەوڵی سەرکوتکردنی ئیرادە، ویست و ئارەزووی گەلانی کورد و شیعەی لە پێش گرت و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی توندوتیژی بە شێوەیەک لە عێراق بڵاوبکرێتەوە، کە کاریگەریی سەرەکی لە لاوازی ناسنامەی نیشتمانیی عێراق کردووە.

لەم تـوێژینەوەیەدا میتـۆدی شـیکاری نـاوەرۆک بە شـێوەیەکی هـۆ و دەرهاویشـــتە بەکارهـــاتووە و داتاکـــان لە ڕێگـــای کتێبەکـــان، وتـــارە زانسـتییەکان، کتێبخـانە و ئینترنێت وەدەسـتهاتوون و شـیکردنەوەش بـۆ داتاکان لە ڕێگای میتۆدی چۆنیەتی بووە.

## ١_چوارچێوەی تیۆری

بابەت و چەمکی ناسنامە و ناسنامەی نەتەوەیی تەنها پەیوەندیی بە یەکێک لە بەشـەکانی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکـان نیـیە، بەڵکـو دیـاردەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و دەروونناسییە. لەبەر ئەمە کۆمەڵناسـان، دەروونناسـان و بیرمەنـدانی بـواری زانسـتە سیاسـییەکان هەر کامیـان لە ڕوانگەی خۆیـانەوە ئەم بابەتەیـان تـاوتوێ کـردووە. (Bechhofer and David 2009.P, 12) لێرەدا ئێمە لە ڕوانگەی دوو لێکۆڵەر ئـانتۆنی گیـدێنز و سـامۆئێل هـانتینگتۆن باسـی ناسـنامە و ناسـنامەی نەتەوەیـی دەکەین.

### ١_١ _ ئانتۆنی گیدێنز

ئـانتۆنی گیـدێنز ناسـنامەی کەسـی بەم شـێوەیە پێناسـە دەکـات: ((ناسنامەی کەسی جۆرێک لە تایبەتمەندی جیاواز یان تەنانەت کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاواز نییە کە لە دەسەڵاتی کەسێکدا بێت. ناسـنامەی کەسـی لە ڕاستیدا هەمان " خود "ە کە تاک ئەمە وەکو ڕەنگدانەوە لە ژیانی قبووڵ دەکات)). لێرەدا ناسنامە بە مانای بەردەوامیی تـاک لە شـوێن و کـات دایە. ناسنامەی کەسی بریتییە لەم بەردەوام بوونە، بەڵام بەو شیکردنەوەیە کە تـاک بـۆی دەکـات. ( عباسـی قـادی و خلیلـی کاشـانی، ١٣٨٨ ، ص ٤٩ ) گیـدێنز پێیـوایە کە " خـود" لە هەر تاکێکـدا لە سـێ فـاکتەری، متمـانەی سـەرەکی، تایبەتمەنـدی کەسـی و پڕۆسـەی بەکۆمەڵایەتیبـوون دروسـت دەبێـت. بەشـی متمـانەی سـەرەکیی خـود، لە ڕێـگەی ئاسـاییبوونەوەی پەیوەندییەکان، توانـای ڕێکخسـتنی عـاقڵانەی کاروبارەکـان و لێکدانەوە و

شـیکردنەوەی سـەرکەتووانەی تـاک لە کـردەوەی خـۆی، هانـدان بـۆ ئەنجامدانی کردەوەی دیکە دەرەخسێنێت و لە ئەنجامدا کاریگەری لە سەر ناسـنامەی کـۆمەڵایەتی تـاک دروسـتدەکات. لە لایەکـی دیـکەوە تایبەتمەنـدییەکانی تـاک کە بە سـەر تایبەتمەنـدیی ڕواڵەتـی و دەروونـی دابەشـدەبێت لە ڕێگەی لێکدانەوەی سـەرکەوتووانەی تـاک بۆ کارەکانی، وێنـاکردنی سـەرکەوتن لە کارەکـانی لە لایەن کەسـانی دیـکە و توانـای بەجێگەیاندنی چەند ڕۆڵێکی جۆراوجۆر دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەنجامدانی کاری دیکە و لە کۆتاییدا شکڵ گرتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی بۆ کەسـەکە. بەشی سێیەمیش پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونە، کە دابەش دەبێتە سـەر دوو بەشـی مـودێرن و نەریتخـواز. لە ڕوانـگەی گیـدێنز ئەم سـێ فـاکتەرە بە شـێوەی یەکسـان هانـدەر دەبـن بـۆ دروسـتکردنی کـاریگەری لەسـەر ئەنجامـدانی کردەوەکـانی تـاک و لە دەرەنجامـدا کـاریگەری لەسـەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی دەبێت. (جمشیدی، ١٣٨١ ، ص ١٧)

## ١ _٢ _سامۆئێل هانتینگتۆن

سـامۆئێل هـانتینگتۆن لە تـاوتوێکردنی پرسـی ناسـنامە لە کۆمەڵگـای ئەمریکـا بـاوەڕی بە بنەمـایەکی زۆر گرنـگ هەیە. ئەویـش ئەمەیە، کە ناسنامەی نیشتمانیی ئەمریکا بە درێژایی مێژوو تووشی گۆڕانکاری بووە. خاڵی زۆر گرنگ لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە ناسنامەی نیشـتمانیی ئەمریکا ئەمەیە کە لە نێـوان هەڕەشـەکان بە تـایبەت دەرەکـی و ئەمنیەتـی و پتەوبـوونی ناسـنامەی نیشـتمانی پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆ هەیە. هەر کاتێـک هەڕەشـەکانی ئەمنـی گەورەتـر و تونـدتر بـن، بە هەمـان ئەنـدازە ناسنامەی نیشتمانی ئەمریکاییەکان دیارتر و پتەوتر دەبێت. هـانتینگتۆن لە پەرتـوکی ئـێمە کێـین؟ ڕوودانـی چەنـد هەڕەشـەیەکی وەکـو جەنگەکـانی ناوخۆی ئەمریکا، جەنگی دووەمی جیهانی، جەنگی سارد و ڕووداوی ١١ سێپتەمبەر بە هۆکاری بەهێزبوونی ناسنامەی نیشتمانی دەزانێت. پرسێکی زۆر گرنگـی دیـکە لە ڕوانـگەی هـانتینگتۆن بـۆ ناسـنامەی نیشـتمانی لە

ئەمریکـــا، ســـەرنجدان لە بـــابەتی ڕەچەڵەک و نەتەوەیە. ئەو لە بنەڕەتـــدا کۆمەڵگـــای ســـەرەتایی ئەمریکـــا بە خـــاوەنی تایبەتمەنـــدیی ئەنگلـــۆ – پرۆتســـتانی دەزانێـــت؛ بەو مانـــایە کە دانیشـــتووانی ســـەرەتا و یەکەمـــی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر چەندە لە چەند کلتوور و ڕەچەڵەکی جیاواز بـوون بەڵام کلتـووری سـەرەکی و زاڵ بە سـەریاندا، کلتـووری ئەنگلـۆ – پرۆتسـتانی بـوو. فـاکتەرە سـەرەکییەکانی دروسـتکەری کلتـووری نـاوبراو بریتین لە: زمـانی ئینگلیـزی، دینـی مەسـیح، ڕوانگەی ئینگلیـزی بـۆ یاسـا و بەها پرۆتستانییەکان. ( ڕاکی، ١٣٨٥ ، ص ٣٦)

بنەما و بنچینەی ناسنامەی ئەمریکایی لە ڕوانگەی مێژوویی لە چوار بەشـی سـەرەکی پێکـدێت: ڕەچەڵەک، نەتەوە، کلتـوور (بە تـایبەت زمـان و مەزهەب) و ئایدۆلۆجی. ( جمشیدی، ١٣٨١، ص ١٧)

هانتینگتۆن لە کتێبەکەی بە نـاوی " ئێمە کێین؟ " بە تێروتەسـەلی ئەو پرسـانەی پەیوەندییـان بە ناسنامە، قەیرانی ناسـنامەی نیشتمانی، ناسـنامەی نانیشتمانی، ناسـنامەی ئەمریکـایی و بنەماکـانی و هتد بـاس دەکـات، بەڵام باسـی تایبەت بە ناسنامەی ئەمریکایی لە ڕاستیدا گرنگترین بەشی کتێبەکە پێکدەهێنێت. لە ڕوانـگەی ئەو هەرەشـە سـەرەکییانەی لە سـەر ناسـنامەی ئەمریکاین بریتین لە: چەند کلتوورگەرایی، کێشـەی کۆچبەران، مەیل بەرەو دوو زمـــانی، هاوڵاتییـــانی خـــاوەن دوو ڕەگەزنـــامە، نەبـــوونی دوژمـــن، هێسپەنیەکان (Hispanic) و لاوازی نوخبەکان.

سەرچاوەکانی ناسنامە لە ڕوانگەی هانتینگتۆن:

زۆرجار تاکەکان ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکانی ناسـنامەیان هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە

ئینتیسابی وەکو تەمەن، ڕەچەڵەک، ڕەگەز، خزمایەتی، ئەتنیک؛

کلتووری وەکو تیرە، هۆز، شێوازی ژیان، زمان، نەتەوایەتی، مەزهەب و شارستانیەت؛

سیاسی وەکو باڵ، تاقم، ڕابەر، بزووتنەوە، ئارمان، حیزب، ئایدۆلۆجیا و دەوڵەت؛

زەوی وەکو دراوسێ، لادێ، شار، هەرێم، بەش، وڵات، ناوچەی جوگرافیایی، کیشوەر و نیوە گۆی زەوی؛

ئابووری وەکو پیشە، هونەر، گرووپی کار، خاوەن کار، پیشەسازی، یەکەی ئابووری، یەکێتیی کرێکاران و چینایەتی؛

کۆمەڵایەتی وەکو دۆستان، یانە، تیم، هاوکاران، گرووپی سەیران و پێگەی کۆمەڵایەتی؛ (هانتینگتون، ١٣٨٤، ص ٤٨ )

**٢ _ناسنامە**

لە ڕووی زمانییەوە وشەی ناسنامە لە وشەی (Identity ) وەرگیراوە. ( گل محمدی، ١٣٩٣ ، ص ٢٢٢) هەر چەندە چەمکی ناسنامە تا ڕادەیەک چەمکێکی نوێیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ یەکەم جار " ئەریکسۆن " لە ١٩٥٠ گشتگیری کرد، بەڵام یەکێک لەو چەمکانەیە کە زۆر باس و گفتوگۆی لەسەر کراوە. زانایانی بواری دەروونناسی، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و تەنانەت فەیلسوفانی سیاسی هەر کامیان شتێکیان خستووەتە سەر گۆشەیەکی ئەم چەمکە و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لە سەقامگیری و یەکجۆری تاوەکو گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و پلۆڕالیزمی کلتووری. لە دەرئەنجامدا، ناسنامە مانای جۆراوجۆر و دژبەیەکی دراوەتە پاڵ, هەر لە تیۆری فەندەمێنتاڵی کە پێداگری لەسەر یەکێتی و یەکبوون دەکاتەوە تا ئەو تیۆرانەی کە پێداگری لەسەر دابەشکردنی سووژەی مۆدێرن دەکەنەوە. کێشەی سەرەکی لە پێناسەی

ناسنامە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم وشەیە بۆ هەستی تاک بۆ خۆی و پەیوەندیی تاک لەگەڵ کەسانی دیکە دەگەڕێتەوە. ( Andreouli and Xenia, 2015)

ناسنامە پێناسەیەکە، کە کەسێک لە خۆی و لە بوونی خۆی دەکات و وەڵامی چەند پرسیارێکی وەکو من چیم و چیم دەوێت؟" دەداتەوە. لە ڕێگەی ناسنامە بە ڕەهەندەکانی کەسایەتیی خۆی جۆرێک هاوئاهەنگی و یەکدەستی دەبەخشێت و لە ڕووی دەروونی و هەڵسوکەوت و ڕەفتار لە کات و شوێندا هەڵوێست وەردەگرێت. (زهیری، ١٣٨٤، ص ٣٠) ناسنامە وەڵامێکە بۆ پرسیاری من کێم؟ (بابایی فرد، ١٣٩٢)

ناسنامە بە مانای ئەوە دێت کە تۆ چ کەسێکیت, واتا کەسێک یان گروپێک بە چ شێوەیەک خۆیان دەناسێنن یان چۆن بناسێنرێن. ناسنامە وەڵامێکە بۆ ناخ و سروشتی مرۆڤ بۆ ناساندنی خۆی لە ڕێگەی کۆمەڵێک بنەما و فاکتەری کلتووری، مێژوویی و جوگرافیایی. (مجتهد زاده، ١٣٩١ ، ص ٧٢)

ناسنامە، دەرخەر و پێشاندەری چ کەسێک بوونە کە لە پێویستی مرۆڤ بە ناسینەوەی بە شتێک یان جێگایەک سەرچاوە دەگرێت. (آقابخشی و افشاری ، ١٣٨٣ ، ص ٣٠٥) ناسنامە لە پەروەردەی خێزانی، کلتووری و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێت و کەسایەتی و تایبەتمەندیی کەسێک یان کۆمەڵگایەک دروستدەکات. ناسنامە بەهۆی پرۆسەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات و پاش بەرجەستەبوون دەمێنێتەوە، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تەنانەت لە دەرەنجامی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی سەر لە نوێ دروست دەبێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت ناسنامە بە تایبەتمەندییەک بزانرێت کە دەبێتە هۆی جیاوازی و ناسینی تاک، نەتەوە و کۆمەڵگایەک لەوانی دیکە. (میرحیدری و دیگران، ١٣٩٢ ، ص ١٧٦)

پرسیاری سەرەکی ناسنامەی جیۆپۆلەتیکی ئەمەیە: ئێمە کێین و لە کوێین؟ ئەم پرسیارە هەواڵ لە بوونی " کەسێکی دیکە " دەدات کە بە دوژمن سەیردەکرێت و بوون و پێناسەی ئێمەی خستووەتە ژێر هەڕەشەوە. (مرادی و افضلی، ١٣٩٢، ص ٢٧٦)

**٢ _١ _ئاستەکانی ناسنامە**

بە مەبەستی تێگەیشتنی باشتر لە چەمکی ناسنامە پێویستە کە ئاستەکانی ناسنامە دیاریبکەین. گرنگینەدان بە ئاستە جیاوازەکانی ناسنامە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێکەڵاوی و ئاڵۆزی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی ناسنامە دروست بێت و توێژەران و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بە هەڵە ئاستێکی ناسنامە لە جیاتی ئاستێکی دیکە بەکاربێنن و بەم شێوەیە دەبنە هۆی سەرلێشێواوی و تێنەگەییشتنی خوێنەران. بۆ نموونە یەکێک لە سەرەکیترین ئەم ئاڵۆزییانە لە وەکو یەک زانینی ئاستەکانی ناسنامە لەو باسانە بەدی دەکرێت کە پەیوەندی بە ناسنامەی ئاینی و ناسنامەی نەتەوەیی و هۆزەکان هەیە. ئەم گوێنەدان بە ڕەچاوکردنی ئاستەکانی شیکردنەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە توێژەران و چالاکوانانی سیاسی بە ئایدۆلوجیای جیاواز ئەم ئاستانە بە یەک شت بزانن و لە جیاتی یەکتر بەکاریانبێنن. (احمدی، ١٣٨٢، ص ٦ )

**٢ _١ _١ _ناسنامەی کەسی (Personal Identity)**

بنەڕەتیترین و یەکەم هۆشیاری لە سەر ناسنامەی مرۆڤ، ناسینی خۆی لە سەر بنەمای پەیوەندی لەگەڵ خانەوادەی و جۆری ڕەگەزی دروست دەبێت. یەکەم ناسینی منداڵ لە سەر بنەمای پەیوەندی لەگەڵ خانەوادەی واتا دایک و باوک، خوشک و برا و دواتر خزم و کەسوکاری دروستدەبێت. کەواتە ناسنامەی کەسی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان تاک لەگەڵ خانوادە و کەسوکاری و پاشان بۆ ناسینەوەی جۆری ڕەگەزی. ئەمە بەربڵاوترین و یەکەم جۆری ناسنامەیە لە کۆمەڵگای

مرۆڤـایەتی. کەواتە دەتـوانین بڵێـین ناسـنامەی کەسـی جۆراوجـۆر نیـیە، بەڵکو تاک تەنها یەک ناسنامەی خێزانی و یەک ڕەگەزی (نێر یان مێ)ی هەیە. (هەمان ، ص ٨)

## ٢_١ _ ٢ _ناسنامەی کۆمەڵایەتی (Social Identity)

دووەم ئاسـتی خوێنـدنەوە سـەبارەت بە ناسـنامە، ئاسـتی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی تاکە. بە پێچەوانەی ناسنامەی کەسی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی فرەلایەن و جۆراوجۆرە. ئەم جۆرە ناسـنامەیە لە پەیوەنـدی نێـوان تـاک لەگەڵ کۆمەڵگـا و ژیـنگەی کـۆمەڵایەتی دروسـتدەبێت و دەتوانێـت چەنـدین جـۆری جیـاوازی هەبێت کە هەر کامیـان لە ڕووی پێگە و گرنگی دابەشدەکرێن. تـاک پـاش تێپەڕبـوونی چەنـد قۆناغێـک لە تەمەنـی دەچێـتە گۆڕەپـانی کۆمەڵگا و ڕووبەڕووی کەسانێک دەبێتەوە کە وەکو خۆی یا جیاواز لە ئەون. لەم قۆنـاغەیە کە بـابەتی " کەسـانی دیـکە " بە شـێوەی ئۆتۆمـاتیکی بەهـۆی ڕووبەڕووبـوونەوەی تـاک لەگەڵ ژیـنگە دروسـتدەبێت. بەشـێکی زۆر لە ناسـنامەی مرۆڤەکـان لەم ئاسـتە شـیاوی تـاوتوێکردنن و تـاک دەتوانێـت هاوکـات هەڵگـری چەنـدین ناسـنامەی کـۆمەڵایەتیی جیـاواز بێـت و وەکـو ناسـنامەی پیشـەیی، ناسنامەی تایفی، ناسنامەی نەتەوەی، ناسنامەی حیزبی، ناسنامەی ئاینی هەروەها چەند جۆر ناسنامەی لاوەکی کە پەیوەندی بە چەند پرسێکی وەکو وەرزش، هونەر و چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە هەیە. جۆرەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لە ڕووی گرنگی و هەمیشـەیی یـان کاتیبوونیـان بەردەوامـی کەمتریـان لە ناسـنامەی کەسی هەیە، بۆ نموونە تاک دەتوانێت ناسنامەکانی وەکو ناسنامەی پیشـەیی، وەرزشـی، هـونەری و حیزبیـی خـۆی بە ئاسـانی بگۆڕێـت،

بەڵام لە هەمـان کاتـدا و لە ئاسـتی ناسـنامەی کـۆمەڵایەتی چەنـد شووناسێک کەمتر و زۆر بە زەحمەت تووشی گۆڕانکاری دەبن یان هەر ناگۆڕدرێن و تاکەکان ئامادەنین وەفادارییی خۆیان بەرامبەر ئەم ناسنامانە بگۆڕن وەکو شووناسی ئاینی و نەتەوەیی. (احمدی، ١٣٩٠ ، ص ٧١)

## ٢_١_٣ _ناسنامەی نیشتمانی (National Identity)

ناسـنامەی نیشـتمانی گشـتگیرترین و لە هەمـان کاتـدا بـاوەڕپێکراوترین ئاسـتی ناسـنامەیە لە هەمـوو سیسـتەمە کۆمەڵایەتییەکـان. گرنگـی چەمکـی ناسـنامەی نیشـتمانی بەراورد بە جۆرەکـانی دیـکەی ناسـنامە ئەو کـاریگەرییە فـراوانەیە کە لە سـەر بەشە جیاوازەکانی ژیان لە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەیەتی. بۆ نموونە ناسنامەی نیشتمانی لە بواری سیاسـەت، ئامانجەکان دێنێتە دی و ڕەوایی بە دەسەڵات دەبەخشێت و ڕێژەی نفوز و کـارتێکەری دەباتە سەر

ناسـنامەی نیشـتمانی پرۆسـەی وەڵامـدانەوەی هۆشـیارانەی نەتەوەیەکە بۆ چەند پرسیارێک لەسەر خۆی، ڕابردوو، ئینتیما بۆ نیشـتمانی سـەرەکی، شـوێن و قەڵەمـڕەوی شارسـتانیەت، پـێگەی سیاسی، ئابووری و کلتوورییان. ( حاجیانی، ١٣٧٩، ص ١٩٧ )

کەواتە ناسنامەی نیشتمانی کە هەندێک کەس بە "ناسنامەی بنەڕەتی" نـاوی دەبەن، بەربڵاوتـرین و گرنگتـرین ئاسـتی ناسـنامەیە بـۆ تـاک و بەراورد بە جۆرەکـانی ناسـنامەی کـۆمەڵایەتی بەردەوامـی زۆرتـرە و گۆڕانکاری کەمتری بەسەردادێت. زۆرجار وەکو ناسنامەی کەسی، هەر تاکێـک تەنهـا یەک ناسـنامەی نیشـتمانیی هەیە، تەنـانەت ئەو کەسـانەی

هەڵگری زیاتر لە یەک ڕەگەزنامەن لە کۆتاییدا تەنها یەک ناسنامەی نیشتمانی بۆ خۆیان دیاری دەکەن و خۆیان سەر بەو کۆمەڵگایە دەزانن کە باو و باپیرانیان لەوێ ژیاون و لەو کلتوورە گەشەیان کردووە. گرنگی ناسنامەی نیشتمانی لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پەیوەندی بە نیشتمان، مێژوو و کلتوورێکی تایبەت هەیە. لێرەدا بە تایبەتی نیشتمان گرنگە لەبەر ئەوەی تاک تەنها یەک نیشتمانی هەیە کە پێی وابەستەیە و نە زۆرتر. لە ناو ئەم نیشتمانەدا کە ڕەچەڵەک، نەتەوە، تایفە، ئاین و تاقمە جۆراوجۆرەکان ژیان بەسەردەبەن. (احمدی، ۱۳۹۰، ص ۷۲ )

## ٢_٢ _چەمک و پێناسەی ناسنامەی نیشتمانی

ناسنامەی نیشتمانی لەسەر بنەمایەکی سەرەکی دروستبووە. ئەویش جیاوازیی نێوان نەتەوەکانە. چەمکی ناسنامەی نیشتمانی لەدایکبووی سەردەمی نوێیە کە سەرەتا لە ئەوروپا سەریهەڵدا و پاشان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ڕووی لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی دیکە کرد. کەواتە شووناسی نەتەوەیی بەرهەمی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپایە. هاتنەکایەی یەکە سیاسییە نوێیەکان واتە دەوڵەتی نەتەوەیی بووە هۆی دروستبوونی مانایەکی نوێ لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی کە ئەویش ناسنامەی نیشتمانی بوو. لەم سەردەمە بنەمای سەرەکیی ناسنامە، هۆشیاری بوو کە گۆڕانکاریی قووڵی لەسەر مانای ناسنامە دروستکرد. لێرەدا بوو کە پرسی ناسنامە وەکو پرسێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی ڕوانگەیەکی هۆشیارانەی بۆ پەیدابوو و لەم چەند دەیەی کۆتایی هاتە ناو بازنەی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسی و لە ئێستاشدا لە کۆمەڵگەی زانستە جیهانییەکان گرنگی پێدەدرێت. (زهیری، ۱۳۸٤، ص ۳۱ ) کەواتە چەمکی ناسنامەی نیشتمانی چەمکێکی تا ڕادەیەک نوێیە و بووتە جێگرەوەی چەند چەمکێکی کۆن وەکو نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی. کە ئەم چەمکانە زۆرتر لە سەدەکانی هەژدە و

نۆزده و سەرەتای سەدەی بیستەم بەکاردەهاتن. (قوام و زرگر ،١٣٨٩ ، ص ٦٧)

بە وتەیەکی دیکە خستنەڕووی چەمکی ناسنامەی نیشتمانی بە شێوەیەکی جددی بۆ سەردەمی دروستبوونی سیستەمی نێودەوڵەتی لە ڕووی سیاسییەوە بۆ دوو سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی کە دەوڵەتەکان بۆ بەدیهێنانی یەکێتی و یەکگرتوویی ناوخۆیی و نەهێشتنی قەیرانە ناوخۆییەکان ڕوویان لە نیشتمانسازی کرد و لە چوارچێوەی تیۆری هاوسەنگی هێزەکان بە پێویستیان زانی کە دەوڵەتانی ڕکابەر و دوژمنیان لاواز بکەن. ئەویش لە ڕێگای هاندانی ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی وڵاتەکەیان دەژیان. (زهیری،١٣٨٤، ص ٣٢)

ناسنامەی نیشتمانی لە سەرەوەی ئینتمای دیاریکراوی نەتەوەیی ــ عەشیرەتییە کە بە درێژایی مێژوو پاڵپشت بە چەند بنەمایەکی هاوبەش وەکو ئاین، زمان، هێما، بەها، بیرەوەری، چارەنووس و کەلەپووری هاوبەش بە ناسنامەی کلتووری نەتەوەکان واتای پێبەخشراوە. ناسنامەی نیشتمانی وەکو ناسنامەی گرێدراو بە "نەتەوە و دەوڵەتی نیشتمانی" وەکو دیاردەیەکی چەند ڕەهەندی کاریگەری لە پرسە ئابووری، سیاسی و کلتوورییەکان وەرگرت کە لە سەدەی هەژدەیەم هاتنە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەم دیاردەیە لە ڕووی ئابووری بەرهەمی گەشەی پیشەسازی و سیستەمی سەرمایەداری و تێکچوونی سنووری نەتەوە ــ عەشیرەتییە و دروستکردنی بازاڕی نەتەوەیی بوو و لە ڕووی سیاسی کاریگەری لە شۆڕشی فەرەنسا و دروشمەکانی ئەم شۆڕشە و بەردەوامی دەوڵەتی نیشتمانی وەرگرت. هەروەها لە ڕووی کلتووری و پەیوەندیی کاریگەری سوودی لە گەشەسەندنی تەکنەلۆجیایی، ئامرازەکانی هاتوچۆی گشتی، پەرەپێدانی پەروەردەی گشتی و دروستکردنی قوتابخانەی نوێ، گەشەی شار و شارنشینی و زیادبوونی جوڵەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی، پەرەسەندنی پێداویستییەکانی هاتوچۆ

و گەیاندن، جێگیربوونی کلتووری نیشتمانی و فێربوونی زمانی هاوبەش، خزمەتی سەربازی و دروستکردنی سوپای نیشتمانی و پەیدابوونی چینی نوێی ڕۆشنبیر وەرگرت. ( صالح، ١٣٨٨، ص ١٢٣) ناسنامەی نیشتمانی کاتێک دروست دەبێت کە "گەل" و پرۆسەی "نیشتمانسازی" بە مانا نوێکەی دروست بووبێت. (لطف آبادی، ١٣٩٢، ص ٦٣)

ناسنامەی نیشتمانی بریتییە لە کۆی تایبەتمەندی و بەها هاوبەشەکانی گەلێکی سەربەخۆ کە تاکەکانی ئەم گەلە هەست و زانیاری و هۆشیارییان لەسەر ئەو بنەمایانە هەیە و بەهۆی ئەم بنەمایانە بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی دەکەن. ناسنامەی نیشتمانی دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان گەلێک لە گەلانی دیکە. (حافظ نیا، ١٣٩٠، ص ٢١٩) ناسنامەی نیشتمانی لەسەر تایبەتمەندییەکانی نیشتمانی، فەرهەنگی، مێژوویی، ئاینی، نەتەوەیی، نەژادی و هتد دروستدەکرێت و بنەمای دەوڵەتێکی نیشتمانی پێکدێنێت. (هەمان منبع، ص ١٤٩ )

ناسنامەی نیشتمانی باڵاترین ئاستی ناسنامەی گشتییە کە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ وڵاتەکەی نیشاندەدات. ناسنامەی نیشتمانی پرۆسەی وەڵامدانەوەی هۆشیارانەی گەلێکە بۆ چەند پرسیارێک لە خۆی: ئایا پێشتر کێ بووە و ئێستا کێیە؟ نیشتمانی ڕەسەن و هەمیشەیی لە کوێیە؟ چ کلتوور و شارستانییەتێکی هەیە و چ ڕۆڵێکی لە پەرەپێدان بە شارستانیەتی جیهانی هەبووە و لە ئێستادا لە سیستەمی جیهانی چ پێگەیەکی سیاسی، ئابووری و کلتووری هەیە؟ لە کۆتاییدا ئەو بەهایانە لە ناسنامەی مێژوویی پێی گەیشتووە تا چ ڕادەیەک لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووری کاریگەری دەبێت.

لە پێناسەیەکی دیکەدا ناسنامەی نیشتمانی بە مانای هەستی وەفاداری بەرامبەر بنەما و سومبولە هاوبەشەکانە لە کۆمەڵگای نیشتمانی و لە ناو سنوورێکی دیاریکراوی سیاسی. بەپێی ئەم پێناسەیە، ئینتما و

وەفاداری تاکەکانی ناو کۆمەڵگای نیشتمانی بە هەر کام لە بنەما و سومبولە نەتەوەیەکان؛ واتە نیشتمان، ئاین، دابونەریت، مێژوو، زمان و ئەدەب، خەڵک و دەوڵەت، ڕێژەی هەستی ناسنامەی نیشتمانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دیاردەکات. (قاسمی و دیگران،١٣٩٠، ص ٦٣)

## ٢-٢-١ -بنەماکانی ناسنامەی نیشتمانی

هەندێک لە زانایانی سیاسی، کۆمەڵناسی و جوگرافیا بنەماکانی ناسنامەی نیشتمانی دیاریکردووە. بە شێوەیەکی گشتی لە جوگرافیا، "نیشتمانی هاوبەش" و "مێژوی هاوبەش" بە بنەمای سەرەکی زانراون. لە زانستە سیاسییەکان. "سیستەمی سیاسی هاوبەش"، "نیشتمان" و "نیشتمانی "Nationality" بە بنەمای سەرەکی زانراون و لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، "زمانی هاوبەش"، "ئاینی هاوبەش" و "دابونەریتی هاوبەش" بە بنەمای سەرەکی دانراون. بێگومان ناسنامە دیاردەیەکە کە لە هەموو ئەم بنەمایانە هەروەها بنەمای کلتووری پێکهاتووە. (مجتهد زادە، ١٣٩١، ص ٣٣٧- ٣٣٦)

## ٢-٢-٢- ڕەهەندەکانی ناسنامەی نیشتمانی

ناسنامەی نیشتمانی پێنج ڕەهەندی هەیە کە بریتین لە : ١- ڕەهەندی دەروونی ٢- ڕەهەندی کلتووری ٣- ڕەهەندی نەتەوەیی ٤- ڕەهەندی مێژوویی ٥- ڕەهەندی سیاسی

ڕەهەندی دەروونی: ئەم ڕەهەندە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە تاکەکانی ناو گرووپ یا نەتەوەیەک هۆشیارییان لەسەر ئەوە هەیە کە بوونی ئەوان لە ناو گروپەکە بەهۆی کۆمەڵێک بەهای هاوبەشە. هەستێکی لەم شێوەیە بۆی هەیە تا ماوەیەکی زۆر بە شاراوەیی بمێنێتەوە بەڵام لە ناکاو بەهۆی هۆکارێک وەکو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم نەتەوە لەگەڵ

دوژمنێکی ناوخۆیی یا دەرەکی کە بووەتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر خەڵک، بەدەربکەوێت.

١. ڕەهەندی کلتووری: فەرهەنگ بە یەکێک لە گرنگترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانی ناسنامەی نیشتمانی ئەژمار دەکرێت. کلتوور، کەلەپووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکە کە بەرهەمی مادی، هزری و ڕۆحی لەخۆدەگرێت. گرنگترین بنەماکانی کلتووری ناسنامەی نیشتمانی بریتین لە: بەهاکان، ئاین، زمان، بیر و باوەڕ، دابونەریت و ... هتد.

٢. ڕەهەندی مێژوویی: واتە لە ڕووی کات و زەمانەوە گەلێک دەبێت چەند بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە هەتا بتوانێت ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی خۆی دیاریبکات، کە لەم بابەتە هیچ ڕێسا و یاسایەک بوونی نییە. بۆ نموونە گەلانی بەریتانیا و فەرەنسا ڕیشەی خۆیان بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێننەوە. بەڵام ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەکانی چین، یونان و ژاپۆن بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە. بە پێچەوانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوستراليا و کەنەدا مێژوویەکی دوو سەد تا سێ سەد ساڵەیان هەیە. پێشینەی مێژوویی نەتەوەیەک وەکو سەرچاوەی ڕاستی و دروستی بۆ نەتەوەیەک و کلتوورەکەی ئەژمار دەکرێت و پەیوەندی نێوان تاکەکان لەگەڵ سنووری ژیانی باو و باپیرانیان دروستدەکات.

٣. ڕەهەندی نەتەوەیی: بەهۆی ئەم ڕەهەندەوە نەتەوەکان دەتوانن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بە شوێن، ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی خۆیاندا بگەڕێن.

٤. ڕەهەندی سیاسی: ئەم ڕەهەندە لە پەیوەندی نێوان ناسنامەی نیشتمانی لەگەڵ حکومەتی نیشتمانی مۆدێرن سەرچاوە دەگرێت. بە

شـێوەیەکی گشـتی ڕۆڵـی حکـومەت لە دروسـتکردنی ناسـنامەی نیشتمانی بریتییە لە:

٥. الـف_ دروسـتکردن و بڵاوکـردنەوەی وێنەیەکـی یەکدەسـت لەو نەتەوەیەی کە لە چوارچێـوەی سـنوورەکانی هەرێـمەکەی پـێکەوە دەژین.

٦. ب_ حکومەت هەڵدەستێت بە دروستکردن و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک سومبول لە نێوان تاکەکانی کومەڵگا.

٧. ت_ حکومەت مافی زۆرتر بۆ هاوڵاتییانی دابیندەکات بەم شێوەیە هەسـتی وەفـاداری هاوڵاتییـان بەرانـبەر بە حکـومەت و نیشـتمان زیاددەکات.

٨. پ_ دروسـتکردنی دوژمنێکـی هاوبەشـی ڕاسـتەقینە یـان وەهمـی. (میرحیدر و دیگران ١٣٩٢،صص ١٧٨- ١٧٧)

## ٣ _هۆکارەکانی لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق

## ٣_١ _دروستکردنی سنوور و جوگرافیایەکی دەستکرد بە ناوی عێراق لە لایەن هێزی دەرەکییەوە

وڵاتـی عێـراق پـێش هەمـوو شـتێک لەدایکبـووی سیاسـەتێکی جیۆپۆلیتیکی نێودەوڵەتییە. (مـرادی و افضـلی، ١٣٩٢ ، ص ٢٨٥) جەنگـی یەکەمـی جیهـانی کۆتـا جەنـگ بـوو، کە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی وەکـو زلهێزێـک لەنـاو زلهێزەکـانی دیـکە دەرکەوت. (لـوئیس، ١٣٨١، ص ٣٥١) دیارترین کاریگەریی جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕینی نەخشـەی سیاسـی ئەورووپا بـوو. چوار ئیمپراتـۆریەتی گەورەی ئەڵمانیـا، نەمسـا – هەنگاریـا، ڕووسـیا و عوسـمانی کە لە سـاڵی ١٩١٤ بە ناوەنـدەکانی سـەرەکیی دەسـەڵات ئەژمـار دەکران لە سـاڵی ١٩٢٠ لە نەخشـەی جیهـان سڕانەوە.

(نقیب زاده، ١٣٦٩، صص ١٧٠- ١٦٩) براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دابەشکرد و عێراق یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە بەهۆی ئەم دابەش بوونە دروستکرا، (جعفری ولدانی، ١٣٧٦) کەواتە عێراق بە سنوورەکانی ئێستاوە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بوونی نەبوو. ئەم وڵاتە وەکو بەشێک لە پڕۆسەی دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕێگەی بەزۆر لکاندنی سێ ویلایەتی بەسرە، بەغدا و موسڵ دروستکرا.

لە ساڵی ١٩٢١ هێزەکانی داگیرکەری بەریتانیا پاشانشینی عێراقی لە ویلایەتەکانی عوسمانی: بەسرە، بەغداد و موسڵ واتە لە "عێراقی عەرەبی" و "کوردستانی باشوور" وەک دەوڵەتێکی عەرەبی سەنتراڵ پێکهێنا، بێ ئەوەی ویست و مافی بەخۆ دیاریکردنی ئایندەی (چارەنووسی ) گەلی کورد ڕەچاو بکرێت. سەرباری ئەوانەش پاشایەکی (مەلیکێکی) بیانیشی بەپێی بەرژەوەندیی خۆی نەک بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خەڵکی فرە نەتەوە و ئاین و مەزهەبی وڵاتەکە دەستنیشانکرد. (عوسمان، ٢٠١٣، لل ٣٩-٣٨) پڕۆسەی دروستکردنی عێراق بە دوو قۆناغی سەرەکی تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەم دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی بووە، کە هەر ویلایەتی بەسرا و بەغدای دەگرتەخۆ، زۆرینەی دانیشتووانی ئەم دوو ویلایەتە عەرەبن. قۆناغی دووەم لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوو بە جەستەی ئەم دەوڵەتەوە، کە زۆرینەی دانیشتووانی کورد بوون. ئەو دەوڵەتەی کە بەریتانیا لە عێراق دروستیکرد هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی کێشە و گیروگرفتێکی زۆر بوویەوە. لە هەموویان گرنگتر، پێکهاتەی دانیشتووانی ئەم سێ ویلایەتە بووە، کە خراونەتە ناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە دەستکردە، چونکە لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتووانەوە زۆر لەیەکجیاواز بوون و هەر یەک لەم ویلایەتانە خاوەن تایبەتمەندی نەتەوەیی و تایفی تایبەت بە خۆیان بوون؛ عەرەبەکان دابەش دەبوون بە سەر دوو تایفەی شیعە وسوننەدا و زۆر بە کەمی تێکەڵاوی یەکتر دەبوون. لە لایەکی

دیـکەوە کـورد زۆریـنەی دانیشـتوانی ویلایەتـی موسـڵی پێکـدەهێنا و لە ڕووی نەتەوەییەوە بە تەواوەتی جیاواز بوون لە دانیشتووانی ویلایەتی بەسـرا و بەغـدا و داوای مـافی چارەنووسـی خۆیـان دەکـرد. (عەبـدوللا هیتوتی ،٢٠٠٩ ، ل ١٨)

سـەبارەت بە هەنگـاوی یەکەمـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی عێـراق، لە دوای شۆڕشـی ١٩٢٠ لە باشـووری عێـراق، بەریتانیـا هەنـدێک هەنگـاوی بەپەلەی هاویشـت بـۆ جێبەجێکردنـی سـتراتیژیەتی خـۆی لە عێراقـدا. کە ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی لایەنگری خۆی. لەم چوارچێوەدا و بۆ ئەم مەبەسـتە لە (١١)ی تشرینی یەکەمی سـاڵی ١٩٢٠دا "پرسـی کـۆکس" نێـردراوی پـایەبەرزی حکـومەتی بەریتانیـا، لە ڕێـگەی ڕاگەیانـــدراوێکەوە، دامەزرانـــدنی حکـــومەتێکی کـــاتی بە ســـەرۆکایەتی "عەبـدولرەحمان نەقیـب گەیلانـی" ڕاگەیانـد و لە (٢٥) تشـرینی یەکەمـی ١٩٢٠دا ئەم حکـــومەتە بە فەرمـــی ڕاگەیەنـــدرا. لە دوای ئەوەی مەلیـــک فەیسـەڵی کـوڕی حوسـێن لە ٢٣ی ئـابی ١٩٢١ کـرا بە مەلیکـی عێـراق و کۆتـایی بە ئەرکـی ئەم حکـومەتە هـات. (فـرج شـریف، ٢٠٠٦، ص ٩٦) هەنگـــاوی دووەمـــی ســـتراتیژیەتی بەریتانیـــا لە دوای دروســـتکردنی دەوڵەتێکـی عەرەبـی لە هەر دوو ویلایەتـی بەسـڕە و بەغـدا، بریتیبـوو لە دەسـت بەسـەرداگرتنی ویلایەتـی موسـڵ و لکانـدنی بە دەوڵەتـی نـوێی عێـراقەوە. لە ڕاسـتیدا بەریتانییەکـان گەیشـتبوونە ئەو بـاوەڕەی کە لە بەرژەوەندیی ستراتیژی ئەواندایە دەست بە سەر بیرە نەوتەکانی موسڵدا بگـرن بە هەر نرخێـک بێـت و دەوڵەتێـک دروسـتبکرێت کە هەر سـێ ویلایەتـی بەسـرا، بەغـدا و موسـڵ بگرێتەخـۆ. هەر بـۆیە لە سـاڵی ١٩١٨ بەریتانیا هەستا بە داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ و بە مەبەستی ڕەواییدان بەم سیاسەتە، هانای بردە بەر بەندی (٧)ی ڕێککەوتن نامەی (مودرووس) کە هاوپەیمانـان بۆیـان هەبـوو دەسـت بەسـەر هەر هەرێمێکـی سـتراتژیدا بگـرن، بە تـایبەت کاتێـک هەرێـمەکە هەڕەشـەبێت لەسـەریان. لە ڕووی

سیاسییەوە بەریتانیا پاش گفتوکۆ و دانوستاندنێکی زۆر و پێدانی ٢٥%
هەموو بەرهەمی نەوتی عێراق، توانی فەرەنسا ڕازی بکات کە واز لە
باشووری کوردستان بهێنێت. پاش ئەم مانۆڕە سیاسی، دیپلۆماسی و
سەربازییە، بەریتانیا دۆسیەی ویلایەتی موسڵی (کوردستانی باشووری)
گرتە دەست و بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ و جیاواز لە عێراق
هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد تاکو لکاندی بە عێراقەوە. (عەبدوڵڵا هێتوتی،
٢٠٠٩ ،لل ٢٥-٢٣)

بەریتانیەکان گەیشتبوونە ئەم دەرەنجامەی کە دروستکردنی
دەوڵەتێکی عەرەبی کە لە دوو نەتەوەی جیاواز پێکبێت (واتا عەرەب و
کورد) دەتوانێت بە باشترین شێواز بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە عێراق
و دەوروبەری بپارێزێت. لەبەر ئەوەی ئەم دوو نەتەوەیە بە تەواوەتی لە
یەکتر جیاواز بوون و هەر کامیان بەرنامە و ئامانجی تایبەت بە خۆیان
هەبوو. کەواتە لکاندنی ئەم دوو نەتەوەیە بە یەکتر لە چوارچێوەی
دەوڵەتێکی عەرەبی، دەسەڵاتدارانی عێراقی ناچار دەکرد بۆ
ڕووبەڕووبوونەوەی داواکاری کوردەکان هەموو کاتێک پێویستییان بە
هاوکاری و یارمەتی بەریتانیا بێت. لە لایەکی دیکەوە، بەریتانیا دەیتوانی
لە هەر دەرفەتێک کوردەکان لە دژی حکومەتەکانی عێراق و تورکیا
بەکاربهێنێت, ئەگەر ئەم وڵاتانە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی بەریتانیا
نەجوڵێنەوە. هەروەها بەریتانیا دەیتوانی بە ئاسانی چاڵە نەوتەکان
کونترۆڵ بکات و مەرجەکانی خۆی بە سەر عێراقدا بسەپێنێت.

کەواتە ئەو ویلایەتانەی کە بەریتانیا عێراقی لێیان دروستکرد.
تایبەتمەندی هەر کامیان لە ڕووی نەتەوەیی، ئاینی و کلتووری لەوانی
دیکە جیاواز بوو. زۆرینەی خەڵکی موسڵ کورد بوون کە لە هەوڵی
دروستکردنی کیان و وڵاتێکی سەربەخۆدا بوون. لە لایەکی دیکەوە،
عەربەکان بە سەر دوو مەزهەبی جیاوازی شیعە و سوننە دابەشدەبوون,
کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبوو. بە وتەیەکی دیکە دوو کەلێن

عێراقی دەستکردی تووشی زەحمەت و بارگرانی کردبوو. کەلێنی نەتەوەیی – نەژادی و کەلێنی مەزهەبی. کەلێنی یەکەم, لە نێوان کورد و عەرەب و کەلێنی دووەم, لە نێوان شیعە و سوننەدا بوو. نەبوونی مێژووی پێکەوە ژیانی هاوبەش پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی ئەستەم کردووە. کاتێک ڕابردووی هاوبەش و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتدا نەبێت، ئەو کات زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکەوە ژیان دروست نابێت و لەم بارودۆخەدا ناسنامە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵات بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی و هاوڵاتیبوون ناکەن و بە چاوی بێگانە تەماشای یەکتر دەکەن. لەبەر ئەمە هەرگیز ناسنامەیەکی نیشتمانی لە نێوان ئەم پێکهاتانە دروست نابێت. عێراق لە سەرەتای دروست کردنیەوە تاکو ئێستا بە بەردەوامی تووشی قەیرانی ناوخۆیی و قەیرانی دروستنەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بووەتەوە و نەبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکێک لە نیگەرانی و کێشە سەرەکییەکانی هەموو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە لە سەرەتای دامەزراندنی هەتاکو ئێستا.

### ٣_٢_ نەبوونی هۆکاری بوون

مەبەست لە هۆکاری بوون، ئەمەیە کە هەر دەوڵەتێک دەبێت بۆ پاراستن و بەردەوامی خۆی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە کە ئەم یەکە سیاسییە لەبەرچی دەبێت بە سەربەخۆیی و جیا لە یەکە سیاسییەکانی دیکەی جیهانبوونی هەبێت یا خود بمێنێتەوە؟ ئینتما و یەکێتیی نەتەوەیی چ لە سەر بنەمای زمان، مەزهەب و بەها هاوبەشەکان بێت یان بەهۆی ئەزموون و پێکەوە ژیانی مێژوویی هاوبەش بێت دەتوانێت لە گرنگترین هۆکارەکانی بوونی وڵاتێک بێت. ئەگەر هۆکاری بوونی وڵاتێک گرنگی خۆی لە دەست بدات و هۆکارێکی بوونی دیکە دروست نەکرێت، ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە و بۆی هەیە بەرامبەر گوشارەکان لە ناو بچێت. هۆکاری بوونی ئەو وڵاتە نوێیانە کە ڕابردوو و پێشینەی

مێژووییان نەبووە، بۆی هەیە ئەندێشەیەکی سیاسی نوێ یان ڕۆڵی یەکخەری ڕابەرانی سیاسی بێت. (ملکوتیان، ١٣٨٣، صص ٢٠٥- ٢٠٤) دەوڵەت لە ڕێگای هۆکاری بوون یان ئەندێشەی سیاسی، وەفاداری هاوڵاتییان بۆ خۆی ڕادەکێشێت و ناسنامەی نیشتمانی دروستدەکات. لە پێناسەی هۆکاری بوون وتراوە: "هەر دەوڵەتێک دەبێت هۆکارێکی بۆ بوونی وڵات هەبێت لەبەر ئەوەی بۆ هەموو تاکەکانی نەتەوەکانی دیار بێت و بتوانێت هۆکاری ئەوەی کە دەبێت بە شێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ بەردەوام بێت، ڕوونبکاتەوە. هۆکاری بوون و ئەو ئینتما و یەکێتیی نەتەوەیی سەرچاوەی لێ دەگرێت ناسنامەیەکی نیشتمانی تایبەت بە وڵات دەبەخشێت کە پاش دروستبوونی لە بەردەوامیشی کاریگەر دەبێت. (حافظ نیا و الله وردی زادە، ١٣٨٨، صص ٤٩-٤٨) بە شێوەیەکی گشتی، هۆکاری بوون دەبێت بتوانێت ئەم چەند ڕۆڵە لە ئەستۆ بگرێت

هۆکار یان زەمینەیەک بۆ هێنانەدی و پەیدابوونی وڵات ئامادەبکات.

هۆکار یان زەمینەیەک بۆ پاراستن و بەردەوامی سەربەخۆیی، یەکێتیی نیشتمانی، یەکپارچەیی خاک و بەها سەرەکییەکانی نیشتمان یا بە کورتی ژیان و بەردەوامی نیشتمانی بڕەخسێنێت.

گشتگیربوون، بە شێوەیەک کە هەموو هاوڵاتییان بگرێتەوە و باوەڕیان پێبێنێت بۆ دروستکردن یان بەردەوامی و مانەوەی وڵات.

بێگومان ئەو وڵاتانەی کە هۆکار یان چەند هۆکارێکیان بۆ درێژەپێدان بە بوونی خۆیان نەبێت لەوانەیە دەرفەتێکی کەمیان لەبەردەمدا بێت بۆ درێژەپێدان بە مانەوەیان. چەند وڵاتێک وەکو کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا، چیکوسلۆڤاکیا، یوگۆسلاڤیا و یەکێتیی سوڤیەت تا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو چەند وڵاتێکی ناسراو و سەربەخۆ بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیانتوانی هۆکارێکیان بۆ بوونی خۆیان هەبێت یان دروستیبکەن, هەڵوەشانەوە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە زۆربەی دەوڵەتەکان

ویست و ئیرادەی ستراتیژیی خۆیان پەیوەست کردووە بە دروستکردنی هاوچەشنی نیشتمانی. هەوڵی سەرەکیی ئەوان بۆ یەکپارچەسازی نیشتمانی، کەمکردنەوەی بەردەوامیی وزەی لایەنگرانی ناوەندبەزێن و بەهێزکردنی وزەی لایەنگرانی ناوەندی بەهێزی. دەوڵەت کەڵک لە هەموو توانای خۆی بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی باوەڕی هاوڵاتییان و یەکێتی و یەکگرتنی نیشتمانی وەردەگرێت. بەڵام هەوڵی دەوڵەت بۆ هاوچەشنسازی کاتێک کاریگەرە کە زەمینەی کلتوری لەبار لە ناوخۆ هەبێت. (کامران و کریمی پور، ١٣٨١ ، صص ١٢٢-١٢١)

هۆکاری بوونی ئەو وڵاتانەی کە لە مێژووی دوور و درێژی خۆیان (لە هەندێک وڵات زیاتر لە پەنجا سەدە) ڕووبەڕووی چەندن گۆڕانکاریی جۆراوجۆر و ناسەقامگیری بوونەتەوە. بەڵام لە پاراستنی شارستانیەت و کلتوور و نیشتمانیان سەرکەوتوو بوون، دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنییان لە بەردەوامی و مانەوەی وڵاتدا هەبێت. باشترین نموونە لەم بارەیە هۆکاری بوون لە وڵاتانی چین و میسرە. هۆکاری بوون لەو وڵاتانەی کە بەهۆی خەباتی خەڵک لە دژی داگیرکەران گەیشتن بە سەربەخۆیی و لە ئەنجامدا یەکگرتنی سەرتاسەری لەم وڵاتانە بەهۆی ڕق و کینەی خەڵک لە داگیرکەران بەدیهاتووە، بەڵام پاش سەربەخۆیی لەبەر ناکۆکی نەتەویی، مەزهەبی و زمانیی نێوانیان، گرفتاری جەنگی ناوخۆیی بوونەوە، گرنگیی خۆیان وەکو فاکتەرێک بۆ یەکێتی و یەکگرتن لەدەستدەدەن و ئەگەر لەم وڵاتانە ئەندێشەیەکی سیاسی هاوبەش و گشتگیر لە لایەن حکومەتەوە دروست نەکرێت, ئەوکات ناسەقامگیری ڕوو لە وڵات دەکات و لە کۆتاییدا دابەش بوونی وڵات پێشهاتێکی دوور نییە. (میرحیدر و دیگران، ١٣٩٢، ص ١١٨)

ئەندێشەی سیاسی هۆکاری بوونی دەوڵەت گرنگترین هێزی یەکخستن و بەشێکی دانەبڕاو لە یەکپارچەسازی نیشتمانییە. ناسیونالیزم کاریگەرترین ئەندێشەی سیاسی دەوڵەتە، چ لەسەر بنەمای زمان،

مەزهەب، بەها هاوبەشەکان و چ لە سەر ئەزموون و مێژووی هاوبەش بنیات نرابێت؛ ناسنامەیەکی نیشتمانی تایبەت بە دەوڵەت دەبەخشێت. نە تەنیا عێراق هۆکاری بوونی پەسەند و باوەڕپێکراوی نییە, بەڵکو زۆربەی دسەلاتدارانی هەر لە سەرەتاوە ڕێگرییان لە دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانی کردووە. تەنانەت جەختیان لە سەر کەلەپووری عەرەبی دەکردەوە. بۆ ماوەی چەندین ساڵ زۆربەی ناسیونالیستە عەرەبەکانی عێراق وا بیریان دەکردەوە کە عێراق لە کۆتاییدا هەڵدەوەشێتەوە و لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دیکەی عەرەبی یەکێتییەکی گەورەتر دروستدەکەن. (درایسدل و جرالد اچ، ١٣٧٤، صص ٢٤٨ و ٢٣٩)

لەبەر ئەوەی عێراق لە سەر بنەما و فاکتەری دەرەکی و سەرخان دروستکراوە هەروەها دەسەلاتدارانی ئەم وڵاتە تێگەیشتنی ڕاست و دروستیان بۆ جوگرافیای مرۆیی (نیشتمانی و مەزهەبی) نەبووە، نەیانتوانیوە ئەندێشەیەکی سیاسیی هاوبەش دروستبکەن, کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بکات و بەم شێوازە هۆکارێکی بوون, کە ببێتە هۆی سەقامگیری سیاسی لەم وڵاتە دروستبکەن، لەبەر ئەوەش ناسنامەیەکی نیشتمانی بە درێژایی مێژوو لە عێراق دروست نەبووە. کەواتە چەمکی ناسنامەی نیشتمانی لەم وڵاتە زۆر لاوازە. پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و مێژووی پڕ لە ناسەقامگیری و جەنگ لە عێراق پێمان دەڵێت کە ئەم وڵاتە لە سەر بنەمای هیچ ئەندێشە و هۆکارێکی بوون بنیاد نەنراوە.

## ٣_٣ _سەرنەکەوتن لە پرۆسەی دەوڵەت– نیشتمانسازی

دەوڵەت – نیشتمانسازی ( Nation Building _ State ) بەشداری گروپە کۆمەلایەتییەکانە لە پرۆسەی سیاسی و ئەم بەشدارییە دەبێتە هۆی زیا بوونی هەستی وابەستەیی و ئینتیمای گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییە جۆراوجۆرەکان بۆ وڵات و بەم شێوەیە ڕەوایی بە دەسەلات

دەدرێت. زۆربەی کۆمەڵگاکانی باشوور (دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم) نە بە شێوەی سروشتی, بەڵکو بە شێوەی دەستکرد و خێرا گەیشتنە سەربەخۆیی، کەواتە ئەو پرۆسەیە کە کۆمەڵگا ئەورووپییەکان لە ماوەی چەند سەدەیەک تێپەڕیان کرد، زۆربەی کۆمەڵگاکانی باشوور بە ماوەیەکی کورت و خێرا تێیان پەڕاند. بە تایبەت زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانە پاش سەردەمی کۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن وڵاتانی داگیرکەر دروستکران، وەکو وڵاتانی عەرەبیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم وڵاتانە بەهۆی ناسروشتی و زوو بەڕێکردنی ماوەی سەربەخۆیی، دامەزراوە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان (بە شێوەی سروشتی) بوونی نەبوو و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم وڵاتانە سەرقاڵی دروستکردنی ئەم دامەزراوانە بوون کە لە ئەنجامدانی ئەم کارە توشی ئاستەنگ و کێشەی جددی بوونەوە. هەروەها لە نموونە سەرکەوتووەکانی ئەورووپا، وردە وردە کۆمەڵگایەکی هاوچەشن دروستبووە و لە سەر ئەم بنەمایە دەوڵەتسازی بەرەو پێش چووە. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی پاش کۆلۆنیالیزم سنوورەکان بە شێوەی دەستکرد دروستکران پاشان دەوڵەتەکان هەوڵیاندا ناسنامەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەو نەتەوەی کە لە ناو سنوورەکان جێگیر کرابوون، دروستبکەن، بۆیە لەم ڕێگەیەدا ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆر بوونەوە. زۆربەی وڵاتانی پاش کۆلۆنیالیزم لەسەر بنەمای چەند گروپێکی نەتەوەیی و تەنانەت لە ڕووی مێژوویی دژ بەیەک دروستکران, وەکو عێراق (شیعە، سوننە و کورد)، لەبەر ئەمە بە شێوەیەکی بەردەوام سەرقاڵی چارەسەرکردنی قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی وڵاتەکەیانن. زۆرینەیان نەیانتوانی لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە سەرکەوتوو بن. (قوام و زرگر ، ١٣٨٩) لە سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستکردنی حکومەت لەژێر چاودێری بەریتانیا تا ساڵی ٢٠٠٣، پرۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و سەرکوتکردن بووە. ئەم پرۆسە

که زیاتر له هەشتا ساڵی خایاند، کورد، شیعە و کەمینەکانی دیکە کە زیاتر لە ٨٠٪ دانیشتووانی وڵاتیان پێکدەهێنا بە ناچاری لەژێر کۆنترۆڵی عەرەبی سوننەدا بوون کە ١٧٪ دانیشتووانیان پێکدەهێنا. هەر لەم کاتە بەدواوە ئەم مۆدێلە لە دەوڵەت - نیشتمانسازی بووە هۆی دروستبوون و بەردەوامی قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق. (سردارنیا و مهرآبادی، ١٣٩٤، صص ١٨٢-١٨١) دابەشبوونی عێراق بۆ سێ ناوچەی کورد لە باکوور، عەرەبی سوننە لە ناوەند و عەرەبی شیعە لە باشوور هەر لە سەرەتای دروستکردنی ئەم وڵاتە وەکو یەکێک لە بژاردە و بەدیلەکان بۆ داهاتووی عێراق لەبەرچاو گیراوە. کەلێن و پەرتەوازەیی و دوورکەوتنەوەی ڕوو لە زیادبوونی نێوان گرووپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و ئەزموونی شکست خواردووی ئیدارەکردنی عێراق لە لایەن دەوڵەت و سیستەمێکی ناوەندی، دۆزینەوەی شێوازێکی نوێی بۆ دروستکردنی سەقامگیری کە زۆرینەی لایەنەکان پێی ڕازی بن کردووتە سەرەکیترین کێشە لە پرۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی. (اسدی، ١٣٨٦، ص ١٤٠) ناسنامەی نیشتمانی عێراق چەمکێکە کە هێشتا و پاش زیاتر لە هەشتا ساڵ لە دروستکردنی عێراق دروست نەبووە. بە گشتی دەتوانین بڵێین, کە عێراق وڵاتێکە بەسەر دانیشتوانی سەپێندراوە و بۆ هێشتنەوەی بە یەکپارچەیی خوێنێکی زۆر دەڕژێت. (دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی،١٣٨٤، ص ٦٤)

لە لایەکی دیکەوە بۆشایی دەسەڵات لە عێراقی نوێدا، داواکاریی سیاسی گرووپە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی زۆرتر کرد. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بوونی کەمینەیەکی سوننە بنەمای دروستبوونی دەسەڵات و سیاسەت لە عێراق بوو. لە دوای ٢٠٠٣ و بۆ یەکەمین جار لایەنی سیاسیی شیعە و کورد بە ئاوڕدانەوە لە تایبەتمەندی و ڕێژەی دانیشتووان و بەپێی قەبارە و پێگەی خۆیان داوای بەشی شیاوی خۆیان لە دەسەڵاتی سیاسی هەبوو. کەواتە دژایەتی و ناکۆکی نێوان گرووپە

جۆراوجۆرەكان بۆ بەدەستهێنانی بەشێكی زۆرتر لە دەسەڵات لە عێراقی نوێدا یەكێكی دیكە بوو لە كێشە سەرەكیەكانی بەردەم پرۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی. بە وتەیەكی دیكە چۆنیەتی دروستكردنی هاوسەنگی نێوان بەهێزكردنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی گشتی لە لایەک و بەجێهێنانی ماف و داواكاری لایەنە سیاسییەكان لە لایەكی دیكەوە لە كێشە سەرەكییەكانی بەردەم پرۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی بووە لە عێراق. (برزگر، ١٣٨٥، صص ١٣-١٢)

كەواتە عێراق یەكێكە لە لاوازترین وڵاتەكان لە تێپەڕاندنی پرۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی. هیچ كات نەیتوانیوە قەیرانی نەتەوەسازی چارەسەر بكات. مێژووی عێراق بەباشی شایەتی لەسەر ئەم ڕاستییە دەدات, كە دروستبوونی ئەم وڵاتە لەسەر بنەماكانی دەوڵەت - نیشتمان نەبووە, بەڵكو لەبەر بەرژەوەندی وڵاتانی براوەی پاش جەنگی یەكەمی جیهانی بووە. (خدایی، ١٣٩٠ ، ص ٣٦) لە ڕاستیدا لە ماوەی نزیكەی سەد ساڵی ڕابردوو، پرۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی لە عێراق بێجگە لە چەند هەنگاوێكی سەقەت، هەرگیز قۆناغێكی جددی تێنەپەڕاندووە و ئەوەش یەكێكە لە هۆكارە سەرەكیەكان بۆ دروستنەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بەهێز لە عێراق.

### ٣_٤ _كێشەی نەتەوەیی _ مەزهەبی

پرسی نەتەوەیی - مەزهەبی یەكێكە لە فاكتەرە ي كێشمەكێش و ڕكابەری نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گروپە نەتەوەیی - مەزهەبیەكان وەكو یەكێک لە ئەكتەرەكان، گرنگییەكی زۆریان لە سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پەیداكردووە. چالاكی گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەكان سنوورە فەرمییەكانی تێپەڕاندووە و پاڵپشتی هێزە دەرەكییەكانی بۆ خۆی ڕاكێشاوە. بە شێوەیەكی گشتی پێكدادانی نەتەوەیی و مەزهەبی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی بە

کورد، شیعە و سوننە هەیە. (جعفری ولدانی، ١٣٨٨، ص ٤٥) عێراق لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبی ئەوەندە ناهاوچەشن و ناتەبایە کە ناتوانرێت وەڵامێکی ڕوون بۆ ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە بەڕاستی خەڵکی عێراق کێن؟ (غلامی و احمدیان ، ١٣٩٣، ص ١٢٣ ) بوونی کورد، عەرەب، تورکمان و ئاشووری و دابەشکردنی زۆرینەی دانیشتوان لەسەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننە (بێجگە لە ئاین و ئاینزاکانی دیکە) فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەکی تایبەتی لەناو سنوورە سیاسییەکانی عێراق دروستکردووە. لەسەر ئەم بنەمایە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق لە قەڵەمڕەوی نەتەوەیی بۆ دوو جۆری "عەرەبی – کوردی" و لە قەڵەمڕەوی مەزهەبی بۆ دوو جۆری "سوننی – شیعی" دابەشدەبن. (عبدی و شیرزاد، ١٣٩٥، ص٦٨) تاوتوێکردنێکی مێژووی عێراق دەریدەخات کە دەوڵەتێکی بێ ڕیشەیە یا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و مەقبولییەتێکی گشتگیری نەبووە و دەوڵەتێک نەبووە کە نوێنەرایەتی هەموو گرووپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی بکات. (نیاکویی، ١٣٩٢، ص ١٠٣) عێراق وەکو وڵاتێکی چەند نەتەوەیی و مەزهەبی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی پاراستنی یەکێتی و دابینکردنی ئاسایش ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە. (ثقفی عامری، ١٣٨٥ ، ص١١٦) هەڵەمان نەکردووە ئەگەر ئاماژە بەم ڕاستییە بکەین, کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە وڵاتێک بە ناوی عێراقێکی یەکپارچە نییە. بە وتەیەکی دیکە بوونی عێراقێکی یەکپارچە بووە بە ئەفسانە، لە جیاتی یەک عێراق چەند عێراقێکمان هەیە، عێراق بەو شێوەیەی کە شیعەکان دەیانەوێت، عێراق بەو شێوەیەی کە عەرەبی سوننە دەسەڵاتیان هەبوو، عێراق بەو شێوەیەی کە کوردەکان دەیانەوێت و عێراقێکی دیکە بەپێی ویستی کەمینە مەزهەبی و تایفیەکانی دیکە. (جەمال، ٢٠١٣، ل٩٠)

سەرکوتکردن و سیاسەتی یەکپارچەسازی ڕژێمی بەعسی و هەوڵ بۆ پاراستنی یەکگرتویی و یەکپارچەیی عێراق لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز، ڕێگر بوو لەوەی کە ناکۆکی و جیاوازی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق

بەدەرکەویـت، بەڵام پرۆسـەی دەوڵەت - نیشتمانسـازی لە عێراقـی نـوێ پـاش سـەدام  دەرفەت و کەشـی گونجـاوی بـۆ ئاشـکرابوونی ناسـنامە، بەرژەوەنـدی و ئامـانجی سـەرەکی گـروپە عێراقییەکـان و نـاکۆکی و جیـاوازیی نێوانیـانی دەرخسـت. لە قۆنـاغی نـوێ هەر یەک لە گروپەکـان هەوڵ دەدەن بە شـێوازی جۆراوجـۆر بەشـێکی زیـاتر لە دەسـەڵات بەدەستبێنن. (اسدی، ١٣٨٦، صص١٣٣-١٣٢) بەرپرسانی حکومی خۆیان بە پابەند بەو ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبییە دەزانن, کە بە پشتبەستن بەوان دەسەڵاتیان بەدەستهێناوە. لە عێراق نوخبەکان لە ڕێگەی پەنابردن بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی دەسەڵات دەگرنە دەست و لەسەر هەمـان بنەمـاش دەسـەڵات بەکـاردێنن. هۆکـاری سـەرەکی ئەم کـارە بـۆ نەبـوونی ناسـنامەی نیشـتمانی عێراقـی بەهێـز دەگەڕێـتەوە. (غلامـی و احمدیان،١٣٩٣، صص ١٤٠-١٣٩)

لە ئاستی ناوخۆ، بوونی کەلێنی قووڵ لە نێوان شیعە، سوننە و کورد بە شـێوەیەکە کە دەکرێـت باسـی سـێ نەتەوەی جیـاواز لە خـاکی عێـراق بکرێت. لەم ناوەندەدا دەیان ساڵ حکومەتی سەرکوتکەری عەرەبی سوننە مەزهەب لە دژی گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی دیکە، کەشێکی پڕ لە ڕەق و کینەی لەم وڵاتە دروستکرد, کە بە لەنـاوچوونی سـەدام زەمینەی بـۆ تونـدوتیژی خۆشـکرد. (نیـاکویی، ١٣٩٢، ص ١٠٧ ) شـیعە و سـوننە سـەرەڕای ئەوەی کە دەسـتوور بە شـێوەی دادپەروەرانە مافەکانیـانی دیـاریکردووە، توانـای قبـووڵکردنی مافەکـانی یەکتریـان نییە و لە ڕاسـتیدا گرنگیـدانی لە ڕادەبەدەر بە ئایـدۆلۆجیا بەربەسـتێک بـووە بـۆ بنیاتنـانی بنەماکـانی دیمۆکراسـی لەم وڵاتە. بە وتەیەکـی دیـکە، ئـاین و مەزهەب جێگەی چەمکەکانی وەکو مۆدێرنیزم، عەقڵانیەت، لیبرالیزم، دیمۆکراسی، سکۆلاریزم و چەمکەکانی دیکە کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگای دیمۆکراتیک هەیە، گرتووەتەوە. (خدایی، ١٣٩٠، ص ٤٩ )

هەستی نیگەرانی ناسنامەکانی عێراق لە یەکتر بووتە بەربەست بۆ یەکگرتوویی و کاری بە کۆمەڵی پێکهاتەکان لەناو حکومەتدا. نەبوونی ناسنامەیەکی هاوبەش هۆکارە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی هاوبەش لە حکومەت وەکو شوێنێکی گشتی بۆ ئەنجامدانی کاری بە کۆمەڵ دروست نەبێت. کەواتە بەشداری بە کۆمەڵیش لە چوارچێوەی حکومەت ڕوونادات .

ڕیشەی نەتەوەگەرایی و مەزهەب گەرایی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەیەکدابڕاوی عێراق لە لایەک و پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەتەوەیی - مەزهەبی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە. جیاوازیکردن لە نێوان پێکهاتەکان و کوشتنی شیعە و کورد لە سەردەمی بەعس و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵاتی سیاسی، بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، سەربازی و ئابووری لە لایەن کەمینەی سوننە بە تایبەت بەعسییەکان و دواتریش لە لایەن شیعەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان و دابینکردنی ئاسایشی خۆیان، هەروەها سەرکوتکردنی پێکهاتە و ناسنامەکانی دیکە لەو فاکتەرە سەرەکییانە بوون, کە لێکترازانی نەتەوەیی و مەزهەبی عێراقیان زیاتر قووڵتر و توندتر کردەوە. کەواتە نەبوونی بنەماکانی ناسنامەی نیشتمانی و یەکپارچەیی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی لە عێراق لە لایەک و بەرژەوەندی جیاواز و دژبەیەکی گروپە جۆراوجۆرەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراق لە لایەکی دیکەوە, ئەم وڵاتەی تووشی پێکدادانی نەتەوەیی و مەزهەبی کردووە, کە گرنگترینیان پێکدادانی عەرەبی – کوردی و شیعی - سوننەیە. (متقی و محمد حسینی ، ١٣٩١ ص ٣٢) ئەمەش دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانیی عێراقی ئەستەم کردووە. ناسنامە جۆراوجۆرەکانی عێراق ناسنامەی تایبەتی و لۆکاڵی خۆیان پێ باشتر و پەسەندترە لە ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی.

## دەرەنجام

عێـراق وەکـو بەشـێک لە پرۆسـەی دابەشـکردنی ئیمپراتـۆریەتی عوسمانی لە لایەن بەریتانیا بۆ بەرژەوەندییەکانی تایبەتی خۆی لە ڕێگەی بە زۆر لکاندنی سێ ویلایەتی بەسرە، بەغدا و موسڵ دروستکراوە. بێ ئەوەی کە گرنگی بە ویست و ئارزووی گەلانی ئەم ویلایەتانە بدرێت. ئەمەش دوو کەلێنی گەورەی نەتەوەیی و مەزهەبی بۆ عێراق دروستکردووە. کەلێنی یەکەم, لە نێوان کورد و عەرەب و کەلێنی دووەم, لە نێوان شیعە و سوننەدایە. نەبوونی مێژووی پێکەوەژیانی هاوبەش پڕ کردنەوەی ئەم کەلێنانەی ئەستەم کردووە. کاتێک ڕابردووی هاوبەش و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتدا نەبێت، ئەو کات زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکەوە ژیان دروستنابێت و لەم بارودۆخەدا ناسنامە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵات بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی و هاوڵاتیبوون ناکەن و بە چاوی بێگانە تەماشای یەکتر دەکەن. لەبەر ئەمە ناسنامەیەکی نیشتمانی لە نێوان ئەم پێکهاتانە دروستنابێت. عێراق لە سەرەتای دروستکردنیەوە تاکو ئێستا بە بەردەوامی تووشی قەیرانی ناوخۆیی و قەیرانی دروستنەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بووتەوە و نەبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانیی عێراقی یەکێک بووە لە نیگەرانی و کێشە سەرەکییەکانی هەموو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنی تاکو ئێستا و هەر ئەمەش بوویتە هۆکاری ئەوەی کە عێراق وەکو یەک دەوڵەت مشروعیەتی لە ناو گەلانی عێراق نەبێت و ناسنامەکانی شیعە، سوننە و کورد بە سەر ناسنامەی نیشتمانیی عێراق زاڵببێت. بە گشتی لێرەدا دەتوانین بڵێین کە چەندین فاکتەر کاریگەریان لەسەر دروستنەبوونی ناسنامەیی نیشتمانیی عێراق هەبووە کە بریتین لە:

یەک: لەبەر ئەوەی عێراق لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دروستکراوە و گرنگی نەدراوە بە واقعی جوگرافیا و داواکاری

گەلانی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو گەلانەی لە ناو سنووره دەستکردەکانی عێراق بوون هەر لە سەرەتاوە لە دوای ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیی و مەزهەبی خۆیان بن و ئەمەش کێشەی لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە عێراق دروستکردووە.

دوو: خەڵکانێک کە حوکمی عێراقیان کردووە, تێگەیشتنی ڕاست و دروستیان بۆ جوگرافیای مرۆیی (نەتەوەیی و مەزهەبی) نەبووە و نەیانتوانیوە ئەندێشەیەکی سیاسیی هاوبەش لەناو هاولاتییانی عێراق دروستبکەن کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بکات و بەم شێوازە ئەمانە هۆکارێک بوون کە سەقامگیری سیاسی لەم وڵاتە دروست نەکرێت.

سێ: پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەتەوەیی - مەزهەبی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانی ئەستەم کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە ناسنامە جۆراوجۆرەکانی عێراق ناسنامەی تایبەتی و لۆکاڵی خۆیان پێ باشتر و پەسەندتر بێت لە ناسنامەی نیشتمانیی عێراقیبوونیان.

چوار: لە سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستکردنی حکومەت لەژێر چاودێری بەریتانیا تا ئێستا پرۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و سەرکوتکردن بووە. ئەمەش کاریگەری لەسەر بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و زیاتر کردنی لێکترازانی نەتەوەیی و مەزهەبی لە عێراق و ڕێگری لە دروستبوونی مۆدێلی دەوڵەت - نیشتمانسازی کردووە و ئەمەش بە بەردەوامی ڕێگری لە دروستبوونی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی کردووە.

پێنج: لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش دژایەتی و ناکۆکی نێوان گروپە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی بەشێکی زیاتر لە دەسەڵات لە

عێراقی نوێدا یەکێکی دیکە لە کێشە سەرەکییەکانی بەردەم پرۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی. ئەمەش ڕێگری لەوە کردووە کە عێراق لە تێپەڕاندنی پرۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی تووشی قەیران ببێت.

## سەرچاوەکان

### ا- کوردی


- جەمال، نەوزاد، (٢٠١٣) دەوڵەت وەک پرسێکی فەلسەفی، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- عوسمان، ئازاد، (٢٠١٣) ناوچە دابڕێندراو و کێشە لە سەرەکان، هەولێر: خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- هیتوتی، نەوزاد عەبدوڵڵا، (٢٠٠٩) دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ٢٠٠٣، هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.


### ئینگلیزی


- Bechhofer, Frank and David McCrone. National Identity, Nationalism and Constitutional Change. London: Palgrave Macmillan, 2009.
- Andreouli, Eleni and Xenia Chryssochoou. “Social representations of national identity in culturally diverse societies”. In Sammut, G., Andreouli, E., Gaskell, G., & Valsiner, J. (Eds.). The Cambridge Handbook of Social

Representations. Cambridge: Cambridge University Press, 2015.

**عەرەبی**

- فرج شريف، امين، (٢٠٠٦) المواطنه و دورها فى تكامل المجتمعات التعدديه (المجتمع العراقى نموذجا )، اربيل: كليه القانون و العلوم السياسيه، جامعه صلاح الدين.

**فارسی**

- آقابخشی، علی و افشاری، راد مینو، (۱۳۸۳) فرهنگ علوم سیاسی، تهران: انتشارات چاپار.

- بابایی فرد، اسداله، (۱۳۹۲) بحران هویت در جامعه معاصر ایران: رویکرد تاریخی، تجربی، تهران: انتشارات چاپخش.

- جعفری ولدانی، اصغر، (۱۳۷٦) بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، تهران: انتشارات دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امورخارجه.

- جعفری ولدانی، اصغر، (۱۳۸۸) چالش ها و منازعات در خاورمیانه، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

- حافظ نیا، محمدرضا، (۱۳۹۰) اصول و مفاهیم ژئوپلیتیک، مشهد: انتشارات پاپلی

- درایسدل، آلاسایدر و جرالد اچ. بلیک، (۱۳۷٤) جغرافیای سیاسی خاورمیانه و شمال آفریقا، ترجمه دره میر حیدر، تهران: موسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه.

- دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، (۱۳۸٤) عراق پس از سقوط بغداد، تهران: مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه.
- عباسی قادی، مجتبی و خلیلی کاشانی مرتضی، (1388) تأثیر اینترنت بر هویت ملی، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
- قوام، عبدالعلی و زرگر افشین ، (۱۳۸۹) دولت سازی، ملت سازی و نظریه روابط بین الملل، تهران: انتشارات آثار نفیس.
- گل محمدی، احمد، (۱۳۹۳) جهانی شدن فرهنگ، هویت، تهران: نشر نی.
- لوئیس، برنارد (۱۳۸۱) خاورمیانه: دوهزار سال تاریخ از ظهور مسیحیت تا امروز، ترجمه حسن کامشاد، تهران: نشرنی.
- مجتهد زاده، پیروز، (۱۳۹۱) جغرافیای سیاسی و سیاست جغرافیایی، تهران: انتشارات سمت.
- مرادی، اسکندر و افضلی، رسول (۱۳۹۲) اندیشه های جدید در ژئوپلیتیک : پست مدرنیسم، پسا ساختارگرایی و گفتمان ، تهران: انتشارات زیتون سبز.
- میرحیدر، دره و دیگران (۱۳۹۲) مبانی جغرافیای سیاسی، تهران: انتشارات سمت.
- نقیب زاده، احمد، (۱۳۶۹) تحولات روابط بین الملل (از کنگره وین تا امروز)، تهران: قومس.

- هانتینگتون، ساموئل، (١٣٨٤) چالش های هویت در آمریکا، محمودرضا گلشن پژوه و دیگران، تهران: انتشارات موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران.

### گۆڤاره زانستیه فارسیه‌کان

- احمدی، حمید، (١٣٨٢) هویت ملی ایرانی: بنیادها، چالشها و بایسته ها، مجله نامه پژوهش فرهنگی، شماره ٦.

- احمدی، حمید، (١٣٩٠) بنیادهای هویت ملی ایرانی چهارچوب نظری هویت ملی شهروند محور، تهران: پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی.

- اسدی، علی اکبر، (١٣٨٦) دولت- ملت سازی در عراق جدید و امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، مجله سیاست دفاعی، سال پانزدهم، شماره ٦٠.

- برزگر، کیهان، (١٣٨٥) چالشهای روند دولت سازی و ملت سازی در عراق و چشم اندازهای صلح و ثبات منطقه ای، فصلنامه مطالعات خاورمیانه، شماره ٤٦_٤٥.

- ثقفی عامری، ناصر، (١٣٨٥) عراق جدید: تغییرات ژئوپلیتیک، فصلنامه راهبرد، ترجمه پیروز ایزدی، شماره ٣٩.

- جمشیدی، احمد، (١٣٨١) بحران هویت؛ علل و پیامدهای آن، مجله اصلاح و تربیت، شماره های ١١و١٢.

- حاجیانی، ابراهیم، (١٣٧٩) تحلیل جامعه شناختی هویت ملی در ایران و طرح چند فرضیه، فصلنامه مطالعات ملی، شماره ٥.

- حافظ نیا، محمد رضا و الله وردی زاده، رضا، (۱۳۸۸) رابطه سیستم سیاسی بسیط با همبستگی ملی: بررسی موردی ایران، پژوهشنامه علوم سیاسی، شماره ۱۷.

- خدایی، زهرا، (۱۳۹۰) چالش های دموکراسی سازی در عراق پس از صدام، فصلنامه مطالعات خاورمیانه، شماره ٦٧.

- راکی، داود، (۱۳۸۵) نگرانیهای هانتینگتون بررسی چالشهای (هویت ملی) در آمریکا از نگاه هانتینگتون، مجله زمانه، سال پنجم، شماره ٤٤.

- زهیری، علیرضا، (۱۳۸٤) چیستی هویت ملی، فصلنامه علوم سیاسی، شماره ۲۹.

- سردارنیا، خلیل ا... و مهرآبادی، محمد زارع (۱۳۹٤)، فدرالیسم و فرهنگ سیاسی در عراق، فصلنامه روابط خارجی، سال هفتم، شماره۱.

- صالح، فروغ، (۱۳۸۸) هویت ملی، هویت قومی و وفاق ملی، فصلنامه علوم اجتماعی، شماره ٤۹.

- عبدی، عطاء ا... و شیرزاد، ساکار(۱۳۹٥) نقش فضاهای جغرافیایی در رقابت قدرت ها؛ مطالعه موردی: کشور عراق، فصلنامه ژئوپلیتیک، سال دوازدهم، شماره۳.

- غلامی، طهمورث و احمدیان قدرت الله، (۱۳۹۳) ماهیت دولت و امنیت ملی در عراق، فصلنامه سیاست دفاعی، شماره ۸۸ .

- قاسمی، علی اصغر و دیگران، (۱۳۹۰) همسازی هویت ملی و قومی در ایران، رویکرد اقوام ایرانی به وحدت ملی و حق تعیین سرنوشت، فصلنامه علوم اجتماعی، شماره ۵۵.

- کامران، حسن و کریمی پور، یدالله، (۱۳۸۱) مقدمه ای بر علت وجودی ایران جدید، فصلنامه مدرس، شماره ۲۵.

- لطف آبادی، محسن، (۱۳۹۲) بازخوانی نظری مفهوم هویت، مجله خردنامه، سال چهارم، شماره ۱۰.

- متقی، ابراهیم، و محمد حسینی مسعود، (۱۳۹۱) فرصت ها و تهدیدات امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران در قبال دولت - ملت سازی امریکا در عراق، مجله سیاست دفاعی(علمی-پژوهشی)، شماره ۸۰ .

- ملکوتیان، مصطفی، (۱۳۸۳) مقدمه ای بر جغرافیای سیاسی و اهمیت استراتژیک ایران، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، شماره ٦۳ .

- نیاکویی، سید امیر، (۱۳۹۲) بررسی بحران های عراق و سوریه در پرتو نظریه های امنیتی، فصلنامه علمی پژوهشی سیاست جهانی، دوره دوم، شماره ۱.

**Abstract:**

The main crisis in Iraq has begun since its formation until present. The main obstacle for the ongoing crisis is the lack Iraqi national identity. The main factor of lack of formation is due to United Kingdom of Britain's interference in the sovereignty of Iraq and by insisting that provinces of Iraq must stick together such as Basra, Baghdad, and Mosul (the Arab section of Iraq and the south of Kurdistan). Also, United Kingdom has forcefully imposed these geographical changes in Iraq without paying attention to people's demands and needs in Iraq. Furthermore, the United Kingdom brought an outsider to rule the country as the first king of Iraq after the World War I.  After that the United Kingdom of Britain attempted to create a national identity for Iraqis through military force, but this attempt was unsuccessful. Since then, all those who tried to govern Iraq forced the military oppression to establish the long last Iraqi Identity and this model military oppression became the norm to run the country called Iraq.

The aftermath of all the events that occurred in Iraq for the past hundred years since its establishment have made it difficult for this comprehensive national identity to form in the boundary called "Iraq". In today's Iraq, its people view each other like foreigners, and there is a visible deep division among the Shias, Sunnis and the Kurds. Finally, to end this division among all the components that make up Iraq is a formation national identity.

**ملخض:**

أن الأزمة الأساسية للعراق منذ تأسيسه كدولة تكمن في عدم تكوين الهوية الوطنية العراقية. والعامل أو السبب الرئيسي لهذه الأزمة يتمثل في طبيعة تأسيس دولة العراق، حيث تم تشكيلها عن طريق الدمج الأجباري لولايات البصرة، بغداد والموصل (أي العراق العربي و كوردستان الجنوبية)، كمكسب لبريطانيا بعد الحرب العالمية الأولى؛ فشكلتها بهذه الصيغة لتأمين مصالحها الخاصة، من دون الأهتمام بمطالب و مصالح شعوب أي سكان هذه الولايات. حاولت بريطانيا في البداية إيجاد هوية وطنية عراقية من خلال إستخدام القوة العسكرية، ولكنها لم تنجح في مسعاها، وقد أصبح ذلك نموذجا للأشخاص الذين حكموا العراق فيما بعد، فحاولوا هم أيضا تشكيل هوية وطنية عراقية بصورة قسرية بواسطة إستعمال القوة العسكرية وممارسة القمع؛ ولقد أدى ذلك الى عجز هذا البلد في تكوين هوية وطنية عراقية عامة لأهاليه بالرغم من مرور ما يقارب مائة أعوام على صنع الأطار الرسمي والحدود الجغرافية له، بل سبب ذلك في نشر العنف في المجتمع العراقي، وأن ينظر شعوب العراق تبعا لذلك كغرباء، وأدى ذلك أيضاً الى بروز الشرخ بين العرب الشيعة والعرب السنة والكورد، وسبب ذلك كله في تكوين ثلاث هويات إثنية مختلفة بدلا من هوية وطنية عراقية عامة وموحدة.